ئاسۆ حاجی

# تەشەنە کردنی گوتاری ڕکوکینە

## لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کاندا




3 5 2 8 3

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

# تەشەنەکردنی گوتاری ڕکوکینە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا

**نووسین:** ئاسۆ حاجی

**بابەت؛** توێژینەوەی ئەکادیمی

**گرافیک:** ئامەد

**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەرتووکخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان، ژمارەی سپاردنی (٨٤٠)ساڵی ٢٠٢٥ی پێ دراوە.

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

# پێڕست


پێشەکی ----------٧

بەشی یەکەم: گوتاری ڕکوکینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا---------- ١٣

بەشی دووەم: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کەلتووری کۆمەڵگە و تاک------- ٣٧

بەشی سێیەم: لایەنی شیکاری گوتاری ڕکوکینە لە هەرێمی کوردستاندا-- ٦١

ئەنجام---------- ١٨١

ئەنجامەکان لە ڕووی چۆنایەتیەوە---------- ١٨٥

سەرچاوەکان---------- ١٨٧


Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

# پێشەکی

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و دابین کردنی ئازادی بێ سنوور بۆ بەکارهێنەرانی سەکۆکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لە سەرتاسەری جیهاندا، زەمینەی تەشەنەکردنی گوتاری ڕکوکینەی پتر ڕەخساندووە، تا ئەو ڕادەیەی وەک دەردێکی کوشندەی کۆمەڵایەتی لێهاتووە.

تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان (سۆشیال میدیا) بە دەرچوون لەو چوارچێوەی بۆیان کێشراوە، ئەو ئامانجەی لە پێناویدا دروست کراون. وا دەبێندرێت بوونەتە سەکۆیەک بۆ بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕکوکینە. کە لە بەرئەنجامدا ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان و قبوڵکردنی یەکتر دەخەنە بەر هەڕەشە و لێکترازان. ئەمانە لە هەرێمی کوردستاندا ئادگار و ڕەهەندەکانیان و کاریگەریان دیارە. ئەو شێوازە لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەلایەتیەکان، بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی گوتاری جیاواز و هەمەجۆر لە ڕکوکینە. هەندێکجار لە پەنای ڕەخنەگرتن و ئازادی ڕادەربڕین گوتارەکەیان بنیاتدەنێنن و گەشە دەکات. بەو جۆرە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ژینگەیەکی لەبار و زەوییەکی بە پیت بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری ڕکوکینە. لە ڕێگەی هاندان ودنەدان بۆ توندوتیژیی و ڕوشاندن و هێرشکردنە سەر کەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتیی تاکەکان.

پرسی گوتاری ڕکوکینە پرسێکی جیهانییە، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە لە ڕووی وەدیارکەوتن و بەرخورد لەگەڵ کردن

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

جیاوازە. تا کۆمەڵگاکە داخراو و دواکەوتووبێ، لە ڕووی بەرهەمهێنانی مەعریفییەوە، پتر گوتاری ڕکوکینە دەتوانێ بە ئاسانی تێیدا تەشەنە بکات، هەرێمی کوردستان نموونەیەکی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانەیە.

لەم کتێبەدا هەوڵدراوە، چۆنیەتی و کاریگەری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە بۆ تەشەنەکردنی گوتاری ڕکوکینە دەستنیشان بکەین و بیاناسێنین، خوێندنەوەیەکی وردو زانستیانەیان بۆ بکەین.

ئەم کتێبە سێ بەش لەخۆ دەگرێت: بەشی یەکەم تایبەتە بە گوتاری ڕکوکینە، کە خۆی لە پێناسە، چەمک، هۆکار و گەشەکردن دەبینیتەوە. بەشی دووەم تایبەتە بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کەلتووری کۆمەڵگەو تاک. تەوەری یەکەمی لە تێڕوانینە فەلسەفیەکانی ماڕشال ماکلۆهان بۆ میدیا و تەوەری دووەم لە میدیا و کەلتوور و گوتاری ڕکوکینە. بەشی سێیەم تایبەتە بە لایەنی شیکاری، ژمارەیەکی زۆر نموونە لە شەش پەڕەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکی شەش دەزگات میدیایی وەرگیراون. لە سێ تەوەردا خراونەتەڕوو، لە ناساندنی نموونەکان، دواتر شیکاری لە سەر ئاستی پەیامدەر (دەزگا میدیاییەکان)، هەروەها شیکاری لە سەر ئاستی وەرگر (خوێنەر و فۆلۆوەرانی ئەو پەڕانەی فەیسبووک). لە کۆتاییدا چەند ئەنجامێک وەک دەرئەنجامی ئەو شیکاریانە خراونەتەڕوو. ئەم کتێبە سوودی لە ژمارەییەکی زۆری سەرچاوەی زانستی وەرگرتووە، لە توێژینەوەی زانستی، کتێب، گوتاری ئەکادیمی، گوتاری ڕۆژنامەوانی.

لە ناونیشانی کتێبەکدا چەند چەمک و زاراوەییەک ڕیزکراون،

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

کــە ســەرنجڕاکێش و جێــگای گرنگپێــدان و ڕامانــی کۆمەڵگــەی مرۆڤایەتیــن، لــەو ســەردەمەدا. ڕکوکینــە لــە بەدیارکەوتــن و کۆنیــدا لەگــەڵ پەیــدا بوونــی مــرۆڤ نەویــش پەیــدا بــووە. بــە پێچەوانــەی تۆڕەکۆمەڵایەتییــەکان کــە زادەی نــەو ســەردەمەیە. بــەڵام چــۆن یەکدیــان گرتۆتــەوە و ناوێتــەی یەکــدی بــوون، نــەوە پرســیارە کڕۆکــی و گەورەکەیــە، کــە هــەوڵ دەدەیــن وەڵامــی بدەینــەوە و ڕەهەندەکانــی دیــاری بکەیــن. بــۆ نــەو مەبەســتەش ناســاندن و

دیاریکردنــی چەمــک و زاراوەکان بــە یەکێــک لــە هەنــگاوە پێویستیەکان دادەنرێــت، لەبەرئــەوەی یارمەتــی خوێنــەر دەدەن بــۆ تێگەیــشتن لــەو بیروبۆچوونانــەی لــە دوتوێــی کتێبەکــەدا خراونەتــە ڕوو:

تەشــەنەکردن: کــرداری گواســتنەوەیە لــە زمانــی کوردیــدا، نــەو گوزارشــتە بــۆ گواســتنەوەی دەرد و نەخۆشــی و پەتــا بەکاردەهێنــدرێ. لــە بــواری کۆمەڵایەتیــدا بیردۆزێکــی تایبــەت بەخــۆی هەیــە، کــە نــاوی (بیــردۆزی تەشــەنەکردنە لــە زانســتی کۆمەڵایەتیــدا)، لــە ســاڵی ١٩٦٢ ئیفــەرت ڕۆجــەرز کتێبێکــی بــە نــاوی (تەشــەنەکردنی داهێنــدراوەکان، The Diffusion of innovations) لەوێــدا بــەو شــێوەیە پێناســەی تەشــەنەکردن دەکات:"کردارێکــە لــە سیســتەمی کۆمەڵایەتیــدا کــە هزرێکــی داهێنەرانــە یــان چەمکێــک بڵاودەبێتــەوە، لــە ڕێــگای کەســانی نــاو کۆمەڵەیەکــی جڤاکــی یــان هــەر هۆکارێکــی دیکــەی گەیانــدن بێــت"، ڕۆجــەرز چــوار هــۆکار بــە بنەمــای خێرایــی تەشــەنەکردنی بیرۆکــەی نــوێ دادەنــێ، داهێنانەکە(بیرۆکــە)، جــۆری کەناڵــی گەیانــدن، مــاوەی

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library